- ئێمە لە دوای راپەڕینەوە، قۆناغی بەناو ئازادی، پتر لە یەکدی تۆراو و دۆڕاوین، خۆپەرستی بۆتە رەوشتی زۆرینە، هەموومان لە سەرنشینەکانی کەشتییەک دەچین کە ژێر خۆمان کون دەکەین بە ناوی ئازادییەوە
- حیزبی ئێمە کەمترین خەونی هەیە بۆ داهاتوو، پتر لە مردووشۆر و مردووپەرست دەچێت، هەتا دەستەواژەی ' شەرعییەتی شۆرشگێری' هیچ نییە بێجگە لە خۆلەوەڕاندنی حیزبەکان لەسەر حیسابی مەرگی هەزارەها
- ئێمە پاشماوەی شتێکین کە زەحمەتە ناوێک و ناسنامەیەک هەبێت تا بتوانین خۆمانی پێ بناسینەوە. هەر هەموو ناوونیشانەکان و ناسنامەکان فریای رۆحی پەرتی ئێمە ناکەون و دادمان نادەن

حزبی کوردی هەرگیز نەیتوانیوە دەزگایەک بێت بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی سەربەست

**ئەزموونی نەرێنی**

* ئەزموونی راستەقینە مەرج نییە هەموو کات ئەرێنی بێت، ئەزموونێک کە پتر رۆح و دڵ هەڵدەکۆڵێت و لە هەست و نەستدا جێگیر دەبێت، لە ژیانی ئێمەدا زیاتر لە دۆران و نەمان و دابڕاندا سەرچاوە دەگرێت کە تێدەپەڕێت بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی سڕینەوەی خود یان زاتی ئێمە تا ئاستی 'نەبوون' کە پێچەوانەی 'بوون'ە، ئەزموونی ئێمە لە سەرەوەختی لە مەمک و لە شیرکردنەوە یەکەمین هەنگاوە بەرەو نەبوون و نەمان و دابڕان کە مەحاڵە عەقڵی ساوای کۆرپە دەرەقەتی بێت، هەڵبەتە لەوەشدا داک و بابی ئێمە نیازیان پاکە بەو ئاراستەیەی کە ئیدی قۆناغی کۆرپەلەیی تەواو بووە و قۆناغێکی دیکەی دەربڕین دەستی پێکردووە و بەرەو گەشەکردن دەچین، دوای سەرپێکەوتن و زمانپژان، بەڵام بەرئەنجامە تاڵەکەی چەشتنی تاڵاوی گۆی مەمکی دایکە لە رووی سایکۆلۆژییەوە، کە بە درێژایی مێژوو، دەبێت بە چەشتنی سەدەها ژەهر و ژەقنەبووت و تاڵاوی دیکە، وەک ئەزموونی بەرکەوتنی ئێمە لەگەڵ زنجیرەیەکی نەپراوەی کارەسات و مەرگەساتە جەرگبڕەکان چ لەسە ئاستی تاکەکەسی و چ لەسەر ئاستی نەتەوەییدا.
بەدەر لەوەی کە ئێمە زۆر درەنگتر بە هوشیارییەوە لەوە تێدەگەین کە بوون و نەبوون تێما و کرۆکی سەرەکی هەر هەموو فەلسەفەکانە، چ لە رۆژهەڵات و چ لە رۆژئاوادا. هەتا ئەم وشانە و قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانە بێ ئازار تێناپەڕێت، ناکرێت وەک رازێکی سەر زارەکی یان رەوانبێژی تەماشای بکەین، چونکە درکاندنی هەقیقەتی پووکانەوەی ئێمەیە بە هەموو مانایەک.
ئێمە بۆ هەمیشە لەوە ترساوین لەو شتانە نزیک بینەوە کە قووڵ و ئاڵۆز و پەنهان دەردەکەون، لە رووکەشدا ترسەکە بەوە دەشارینەوە کە هەر هەمووی بەبێ بناغە و راگوزەر بزانین، بەڵام ترسەکە دوو سەرچاوەی هەیە: گەمژەیی یان ئەوپەڕی هەستیاریی ئێمەیە کە دەبێت بە کۆسپ لەوەی نەوێرین سەیری ئەو خەرەندەی ناو رۆحی خۆمان بکەین کە ترسناک و هەزار بە هەزارە.
گرفتی سەرەکی لەوەدایە کە ئەزموونەکان بەسەرماندا سەپاون، لێرە و هەنووکە، نە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و نە لە ژیانی رامیاریدا، وەها ئازادییەک نییە کە لە مرۆڤەوە نەبین بە ئامێر و ئامراز و دەسکەلا، ئەزموونەکان و کۆی پرگەکانی زیندەگیی ئێمە کەوتوونەتە دەرەوەی خۆمانەوە، لە زۆر وەختدا لە وەڕێخستنی ژیانی خۆمان خاوەن نین، فانتازیا نییە گەر بڵێین لە تارمایی یان داشی دامە و شەترەنج دەچین، ئێمە

وەک تەنە مردووەکان بەر شتەکان دەکەوین، دەنگەکان و رەنگەکان و وێنەکان و شێوازەکانی کار بەڕێبردنمان لە ئەزموونی داهێنەرانەوە نەهاتوون، هەرچییەکی دڵمان پێی خۆشە کە شێوەیەک وەردەگرێت و ناوێکی هەیە و چوارچێوەیەکی بۆ دەدۆزینەوە دەستکردی خۆمان نین، هەتا ژیان و مەرگ و خۆشەویستی تا دەگات بە ناوەڕۆک و ناوەکانمان، نە بیر و نە باوەڕ و نە پرواکانمان هی خۆمان نین، هەمووی وێنەی ناو ئاوێنەیەکە کە هی خۆمان نییە، شتگەلێکن لە دۆخی بەر لە بوون، بەر لەوەی ببن بە بەشێکی ناوکۆ و زیندووی ژیان و ئەزموونمان.
تاکە شتێک کە ئاسوودەمان دەکات نەبوونی هۆشیارییە بەوەی ئێمە بە قەرز ژیانی کەسانێکی دیکە دەژین کە 'هیچکەس نین'، بێ ئەوەی ئاگاهیمان هەبێت کە ژیانی ئێمە لە وەختی لە مەمککردنەوە و لە شیری دایک داپرانەوە: دزراوە، نە بۆی دەگەڕێین و نە خەمێکی گەورەشمان لە دڵدایە کە بۆ هەتا هەتایە بزرمان کردووە.
دزینی هەموو کولتووری دونیا ناگاتە دزینی رۆح..!
لە رووکەشدا و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە وا دەردەکەوێت ئێمە پەیوەستین بە یەکدییەوە، وەک لایەنی فیزیکی لە تەنێکی یەکگرتوو دەچین و لە ئاوەدانی و ئاپۆرەی خەڵکی دوور نین، بەڵام وەک بەریەککەوتنی رۆحی و دۆستایەتی گیانی بە گیانی دەگمەن و مەحاڵ بووە، هەرگیز بەر یەکدی کەوتنی کەسەکان مانای زەمینەسازی ناگەیەنێت بۆ پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و مرۆڤپەروەرانە. کەسەکان بوونەوەری دیار و بەرجەستەن، کە بە رێکەوت لە جوگرافیایەک و سەردەمێکی دیاریکراودا کۆ بوونەتەوە، مەرج نییە کە بنەمای هاوتوخمی و هاورەگەزی و هاوسۆزیی نەتەوەگەری و ئایینی و خوێن بیانکات بە تەنێکی یەکگرتوو و نەپچڕاو لە یەکدی. دەکرێت چەشنێک لە بەرژەوەندیی پێکەوەبوون و مانەوە کۆمان بکاتەوە، یان ترس لە تەنیاکەوتن، بازاڕ، کار و جەنگ و خەونی ئاشتییەوانی، بەڵام هەر خودی روانین و دیدگای جیاوازی کەسەکان بۆ شتەکان و دیاردەکان و بەهاکان و ئایدیۆلۆژیاکان، پەروەردەی ناو ماڵ و مەکتەب و مزگەوت و کڵێسا و حیزبەکان، پێشینە و باکگراوندی چینایەتی و فیکری و فەرهەنگی، رێکخراوە کارتۆنییەکان، لایەنگیریی هەندێک کۆمەڵە و گرووپ و سەندیکا و مەزهەب و تەکیە و خانەقا و بنەماڵە و هۆز و تیرە، شارپەرستی و عەقڵی خێڵەکی تا دەگات بە موود و خوو و خدەی زۆر تایبەت بە کەسەکان: هەر هەموویان بە یەکەوە، یان هەر یەکێکیان بەسن بۆ ئەوەی لێکدیمان بترازێنن و پەرت و بڵاومان بکەن تا ڕادەی دوژمنایەتی و دڕدۆنگی.
ئێمە لە دوای راپەڕینەوە، قۆناغی بە ناو ئازادی، پتر لە یەکدی تۆراو و دۆڕاوین، خۆپەرستی بۆتە رەوشتی زۆرینە، هەموومان لە سەرنشینەکانی کەشتییەک دەچین کە ژێر خۆمان کون دەکەین بە ناوی ئازادییەوە، بێ ئەوەی دەرکی ئەو مەترسییە بکەین کە بنکۆڵکردنی ژێر خۆمان: ئێمە و کەشتییەکەش پێکەوە دەخنکێنێت.
لە هەمووی ترسناکتر کینەبازیی نێوان رۆشنبیرەکانە کە هیچی کەمتر نییە لە دووبەرەکی و خۆخۆری و خۆپەرستی و جەنگی ئاشکرا و پەنهانی سیاسەتبازەکان، ژمارەی دەمامکی توێژی دەستەبژێری خوێندەوارەکانی ئێمە زیاترە لە دەمامکی کەسانی ناو چین و توێژەکانی دیکە، بەڵکوو زیرەکانەتر و بە سەلیقەتر و چاپووکانەتر لەوانی دیکە فریای گۆڕینی دەمامکەکان دەکەوین، ئێمە توانیومانە زمان و تەکنیک و هێز و توانای ئەوە پەیدا بکەین لەژێر دەیەها رووپۆش و ماسک و چەهرەی دیکە

دەربکەوین، خەڵکی ڕەشۆکی گەر بتوانن ڕووخساری خۆیان لەژێر یەک ـ دوو دەمامک بشارنەوە، ئێمە دەیەهامان هەن.
ئەم دیاردەیە هیچ ئامار و بەڵگە و سەلماندنی ناوێت، هەر کەسێکی کەمێک هۆشیار لەناو بازنەی ڕووناکبیران و دەرەوەی ئەو خێڵی خۆ بە خوێندەوارزانە هەستی پێدەکات، هەندێک جار لە ڕێگەی پەنابردن بۆ پڕ و بیانووی ئایدیۆلۆژی و فیکری و سەنگەر جیاکردنەوە، وا دەکات دونیایەک گەمەی کینەبازی پیادە بکەین کە خوێندنەوەی قووڵی ناوێت بۆ ئەوەی بڵێین کە هەر هەمووان لە ناو هەمان کولتووری داڕزیوی خۆخۆریدایین و لە دووبەرەکی خێڵەکیدا بەهرەمەندین. هیچ لەوە ئاسانتر نییە کە 'خودا' یان 'مارکس' بکەین بە قەڵغان بۆ یەکدی سڕینەوە و دوژمنکاری پیادەی بکەین، بەڵام خودی ڕۆحی شەڕانگێزی لەناو خۆماندایە و ڕەگوریشەی داکوتیوە، هونەر و ئەدەب و فیکر نەیتوانیوە ئێمە لە گەند و گووی میرات و مێژوویەکی ڕەش پاک بکاتەوە، عیسا پەیامبەر واتەنی ناچارین بڵێین: لێبگەڕێ با مردووەکان خۆیان مردووەکانی دیکە بنێژن.
لێرە و هەنووکە دووبەرەکی و شەڕانگیزی ئەوەندە ئامادە و بەلەزەتە بۆ مەردوومەکان، بە تایبەتی توێژی لاوانی نێرەوز نەک مێ، کە لەسەر دابەشبوونی عاشقانی 'ریاڵ ' و 'بەرشلۆنە' یان هەر یانەیەکی ئەودیو زەریاکانەوە ڕکابەری و رق و کینەبازییەک بەرپا دەبێت کە دەبێتە مایەی سەرسامی بەوەی تۆ بڵێیت ئەو هەزارەها گەنجە خاوەنی خولیا و خەیاڵ و مەسەلەیەکی لەوە گەورەتر و گەوهەردارتر نەبن؟ یان ئەوەتا گوناهی ئەوان نییە و هەر لە بنەڕەتدا بابەت و کێشە و بەها و ئایدیایەکی جوان و پیرۆز نەماوە کە خۆیانی پێوە خەریک و سەغڵەت بکەن؟ ئاخۆ دەکرێت گەمەی دوو تیمی فتبۆلێن ببێت بە مایەی بەرپابوونی قوماربازی و گرەوکردن و دڕدۆنگی و خەمۆکی و تۆران لە یەکدی؟ ئایا دەکرێت بپرسین ئەو بەتاڵی و بۆشاییە ڕۆحی وخەرەندە زیهنییە چییە کە هیچمان نەبێت پڕی بکاتەوە، لە ناو کولتورێکی بێ بەهرە و خەیاڵ، بێجگە لە دەروێشی بۆ یانەکانی ئەودیو زەریاکان؟!
هەر بە ڕاستیش گوناهی ئەو توێژە نییە کە وەها ئاسان بە وەهم و تراویلکە گیرساونەتەوە، چونکە لە جوگرافیایەکدا دەژین بێجگە لە پەروەدەیەکی ڕۆحپروکێن و غەمناک و مەشق پێکراو لەسەر بەرخۆری و خەسارگەری و ڕۆژکوشتن و خۆکوشتن هیچی دیکەی لە دەست نەهاتووە. ئەو دڵگەرمییەی نێوەندی هەوادارانی 'ریاڵ و بەرشلۆنە' بە جۆرێکە کە دەگاتە ڕادەی سۆزی ئایینی کە پڕە لە هەڵچوون و داچوون و دەمارگرژی و زێدەڕۆیی و ئەوپەڕی پەرستن و جەزبەی دێوانە ئاسای سۆفی و دەروێشەکان.
پرسیارێکی وا ڕەوایە: ئاخۆ دەکرێت ئێمە لەژێر ناوی کۆمەڵگادا یان گەلێکدا خۆمان بناسینەوە یان نا؟ من وای دەبینم ئێمە لەتوکوتی خاک و تەڵەزم و وردە و پارچە و پاشماوەی خەڵکێک دەچین کە کۆکردنەوەمان لەسەر هەر خوانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ئاسان نییە، ئێمە پاشماوەی شتێکین کە زەحمەتە ناوێک و ناسنامەیەک هەبێت تا بتوانین خۆمانی پێ بناسینەوە. هەر هەموو ناوونیشانەکان و ناسنامەکان فریای ڕۆحی پەرتی ئێمە ناکەون و دادمان نادەن لەوەی خۆمان لە ناو مێژوویەکی ڕاستەقینەدا بدۆزینەوە.
گەر حیزب یەکێک بێت لەو ساختمانە مۆدێرنەی کە لە سەدەی بیستدا پێی ئاشنا بووین، ئاشنابوون بە ڕەنج و تێکۆشانی بۆ کۆکردنەوەی ئێمە و بەخشینی

ناسنامەیەک بە هەمووان لەژێر چەندین دروشمی جیاوازدا، چینایەتی و نەتەوەگەری و مەزهەبی، کەچی ئەنجامی ئەو هەوڵ و رەنجە لە هەنووکەدا پەرتبوون و دووبەرەکی و لەتکردنی خاک و خەڵکە بە یەکەوە، زیندووکردنەوەی رۆحی خێڵە خوێنخۆر و خۆخۆرەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە. حیزبی کوردی هەرگیز نەیتوانیوە دەزگا و کارگەیەک بێت بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی دڵئازا و سەربەست و بەلەنگاز و تازە و شکۆمەند و خاکپەرست و خەڵکدۆست.
مێژووی سیاسیی ئێمە ژماردنی تابووتەکانی خۆمانە و شانازیکردنە بە مەرگ خۆی وەک پووچترین و هەرزانترین رووداو لە ژیانی ئێمەدا، حیزبی ئێمە کەمترین خەونی هەیە بۆ داهاتوو، پتر لە مردووشۆر و مردووپەرست دەچێت، هەتا دەستەواژەی ' شەرعییەتی شۆڕشگێڕی' هیچ نییە بێجگە لە خۆلەوەڕاندنی حیزبەکان لەسەر حیسابی مەرگی هەزارەها کە پتر لە داگیرکردنی ئایندەی ئەم خاک و خەڵکە دەچێت بە ناوی دوێنێیەکی خوێناوی کە بۆ ئەوە نەبووە، هەرگیز، نیشتمان ببێت بە لەوەڕگا و بەشی شێریش لە بژوێن و مێرگ و ئاو و هەواکەی هی سیاسەتبازە سەرمایەدارەکان بێت کە سەرگەرمی تاڵانکردنی سامان و خێری سەر زەوی و ژێر خاکەکەین کە تێربوونی بۆ نییە!